www.kurdistannet.org
23-4-2003 12:41

# تالآنچییەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ

نورەدین سەعید وەیسی

پتر لە سی ساڵە رژێمی بەعس سامان وداهاتی عیراق تاڵان وفەرهوود دەکاو لە شەوانی سووروردوستکردنی کۆشك وتەلاری شاهانەو بت وپەیکەری زێڕین وبڕۆنزی خەرج دەکا، ئەو پەیکەرانەی کە تەنها تانکە دوا مۆدێلەکانی ئەمریکا توانای رووخاندنیان هەیە، کەچی میدیا شۆڤێنیستی عەرەب دوای ئەوەی لە داکۆکیکردنی رژێمی تاڵانچی بەعس شکستێکیکەمەرشکێنیان خواست، هەنووکە دەیانەوێ سەرکەوتنی خواستی ئازادیخوازانەی عیراقییەکان بە نیشاندانی رەفتاری کرێتی دزی وتاڵانکردنی دامودەسگاکان ناشرین بکەن.

من نەدەمەوێ ونەدەشتوانم داکۆکی لەو تاڵان وبڕۆیە بکەم کە بەداخەوە لە چەند رۆژی رابردوودا لە شارە ئازادکراوەکانی عیراقدا روویاندا، بەڵام لە هەمانکاتدا پاژنەی پێی تاڵانچیترینیان بە خاوێنترو پاکژتر دەزانم لە سەدام وعودەی وقوسەیو عەلی کیمیاوی وعیزەت دووری و. . . هتد کە دەیان ملیار دۆلاریان بە دزی وتاڵان بە یەکەوەنا.

ئەو تاڵان وپاتاڵەش کە لە مرۆژانەدا بینیمان هەر خودی رژێمی بەزیوی بەعس لێی بەرپرسیارە کە بەدرێژایی تەمەنی دەسەڵاتە تۆتالیتارییەکەی لە عیراقدا هەمیشە لەمپەرێکی گەورە بووە لە بەردەم عیراقییەکاندا تاهەست بە بەرپرسیارێتی بکەن بەرامبەردامودەسگاکانی دەولەت ومولکی گشتیدا، کە تێکڕای ئەو دامودەسگایانەی لەرژێمە دیکتاتۆریەکەی قۆرخکردبوو، هیچ بوارێکی بۆ عیراقییەکان نەهێشتبووەوە تا بە شێوەیەکی سروشتی هەست بە هاوڵاتێتی خۆیانەوە بکەن ودامودەسگاکانی دەولەت ( کە لەراستیدا دامودەسگاکانی خودی رژێم بوون) وەکو مولکی خۆی سەیر بکا و دەستدرێژیان نەکاتە سەر.

دەسەڵاتی تێکشکاوی بە عس دەسەڵاتێك بوو لە سەرتاڵان وبروو دزی و دەستدرێژی کردنە سەر موڵك وماڵی خەڵك دامەزرابوو، گەورەترین تاڵان وبڕو لە مێژووی نوێی عیراقدا لەسەر دەستی بەعسییەکان کرا، یادەوەری کوردو عیراقییەکان هێندە لاوازو بێ هێز نییە تا شاڵاوی تاڵان وپاتاڵی بێوێنەی ئەنفال لە یاد بکا کاتێ دەسەڵاتتدارانی بەعس جڵەویان بۆ سوپا بەزیوەکەیان شل کردوسەروماڵی سەدان هەزارکەسیان لە خەڵکی کوردستان لە ژێر ئاڵای بۆگەنی ئەنفال حەلال کرد و هەزاران دێهات وشارۆچکەی کوردستانیان تاڵانکرد و راگوێزا، ئەم رژێمە تاڵانچییەسەرەرای درووشمە نەتەوەییە شۆڤێنییەکانیشی کەچی لەکاتی داگیرکردنی کوێتدا ئەرکی سەرەکی سەرانیرژێم وخودی بنەماڵەی دیکتاتۆرو کوڕو براو ئامۆزاکانی دزین وبە تاڵانبردنی سەروماڵی کوێتییەکان وئەتککردنی ژنەکانیان بوو، کە بەم دواییانە سەرشۆڕانە دانی بە دزی وتاڵانییەکەی ناو هەندێ بەڵگەنامە ی کوێتییەکانی دایەوە.

هەربۆیەبەشێکی زۆری ئەو دزی وتاڵانییەی کە بەداخەوە لەم رۆژانەدا بینیمان دەکەوێتە ئەستۆی رژێمی گۆڕبەگۆڕچووی بە عس، عەرەبیش دەمێکە وتوویانە ( (الناس على دين ملوكهم) ) . . !

٢٠٠٣/٤/١٢

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.